# فەللوجەی پڕ تاوان خەلات دەکرێت

# هەلەبجەی شەهیدیش لەیاد دەکرێت

## ئەحمەد دەشتی

گەلۆ هیچ جێگەی سەر سوڕمان نیە کە جهانی ئێمە ئاوا چەوت و بە پێچەوانەیە،کێ بێ ئەم ڕاستیەنەزانێ کە فەللوجە چە شارێکە و هەلەبجەی شەهیدیش کامە شارە!! خودی فەللوجە کە شوێنەوار مۆلگای سەربڕان و ترۆرستانی جنایەتکار و پیاو خەراپان بوو کە هەر خودی خەلکی کۆنە بەعسی و مرۆکوژانی دیرۆکی بوون لە شاری فللوجە دا کۆ ببونەوە و زۆربەی هەرەزۆری خەلکی فەللوجەش دەستیان خستبووە ناو دەستی ئەوکۆنە بەعسیان و مرۆکوژانی سەردەم و هاوکاری ئەوانیان دەکرد ، هەر لەو شارەدا دەها خەلکی بێ تاوانیان سەر بڕی و بۆ ماوەیەکی زۆر ترۆریستەکان جێ پێی خۆیان لەفەللوجە دا کردبۆوە ، ئەوەی کە لە دەستیان هات دژ بە هەموو گەلی عێراق بە هاوکاری خەلکی ئەو شارە کردیان ، لە گەل ئەو هەموو سەر هەڵدانی جنایەت و خەراپکاری و دوژمنایەتی کردنی ئازادی و ڕزگای خەلکی عێراق لە دەست سەدامی خوێن ڕێژ دا دوژمنانی ڕاستەقینەی خەلکی عێراقیش ئەو فەللوجەیان کردە ڕوگەی خۆیان و لە زۆربەی هەرەزۆری ڕاگەیاندن و کەنالە عارەبیەکان دا شانازیان بە شاری فەللوجە دەکرد،ئەو شارەی کە ببووە بنکەی سەر بڕینی خەڵکی بێ تاوان بەدەستی بکوژان و جنایەتکارانی سەردەم و ڕاگەیاندنەکانی عارەبانیش ئەو شارەیان بە شاری خۆ ڕاگران و قارەمانان و ڕزگار کەران و خەبات گێران دادەنا و هەموو ڕاستیەکانیانیان بە پێچەوانە و ناڕاستیەکانیشیان بە ڕاست نیشان دەداو ترۆریستانیان بە گیانبازو خۆ ڕاگر دەناساند و ئێستاش لە گەڵ دابێ بە پیاو چاکیان ناو دەبەن و ئەوەی ناڕاست بوو ئەوان کردیان و گوتیان، بەڵام دوای ئەو هەموو کارەساتانە وا دەبینین شاری فەللوجە لە لایەن سەرەک وەزیرانی عێراقی بە ملینها دۆلار خەلات دەکرێت و کەچێ شاری هەلەبجەی شەهیدیش کە بە دەستی هەمان جنایەتکاران شەهید کرا لە یاد دەکرێت و هەر باسی لێوە ناکرێت.

بەڵێ ئەوە جیهانی ئێمەیە کە ئاوایە،بەڵام کەس هەیە کە ویژدانی بە دروستی و ڕاستی ببزوێ و خۆی گێل نەکات ئەوە نەزانێت کە هاوکارانی ترۆریستان لە عێراق دا لە شاری فەللوجەدا کێن و چیان کرد ، ئەوانە کێ بوون

کەلە شاری فەللوجەدا هاوکارو یارانی ترۆریستان بوونە و چۆن ترۆریستانیان و کۆنە بەعسیە خوێن ڕێژەکانیان و مرۆکوژانی دوێنێیان لە باوەشی خۆیان دا مەڵاس دابوو و هەموو هاوکاریەکیان دەکردن و لەو شارەوە ماشێنە مین کراوەکانیان بۆ تەواوی عێراق دەنێردران و چەند خەلکی بێ تاوانیان بە سەدەها تەن بارووت لە ناو بردو چیان وەسەر عێراق هێنا ، خۆ ئەگەر هاوکاری خەلکی فەللوجە نەبوایە ئەوا هەرگیز ئەو ڕوداوە تاڵ و ناخۆش و پڕ لە نەهامەتیەکان و مرۆ کوژی بەو شێوە لەو شارەدا ڕویان نادا و وەدی ناهاتن و فەللوجەش وەک زۆربەی شارەکانی تر ئارامی و ئاسایشی بە خۆیەوە دەدی ، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو ڕوداونە واخودی سەرەک وەزیرانی کاتی عێراق جەنابی عەللاوی بە ملیۆنها دۆلاری پێشکەش و بە خەلات بە فەللوجەی مۆلگای پیاو خەراپان دەدات و کەچی هەلەبجەی شاری شەهید و زوڵم لێ کراو و زێدی قارەمانانی کوردی هەر بە خەیالیشی دا نایێت ،ئەو شارەی کە بە دەستی بەعسیە خوێن ڕێژو جنایەت کارەکان شەهیدو خاپور کرا، دەبینین ئەو شارە زوڵم لێ کراوە ئێستاش لە لایەن رژێمی عێراقی لە یاد کراوە و هەلەبجەی شەهید هیچ هەنگاوێکی بۆ ئاوەدانی و هاوکاری کردنی خەلکی زوڵم لێ کراوی خاوەن پێنج هەزار شەهید تا ئێستا بۆ ناهاویژرێت و ئاوڕێکی وەهای لێ نەدراوەتەوە و کەمتریش باسی لێوە دەکرێت و هیچ دڵنەوازیەک و یادێک کە جێگەی دڵخۆشی بۆ ئەو خەلکە قارەمانە بێت ناکرێت کە بە درێژایی مێژووی دەسالاتدارانی دڕندەی ڕژێمی عێراقی زوڵمی لێ کراوە و بە چەکی کیمیاوی خەردەڵ و سیانید لە چەند سانیەک دا بە هەزارانی لێ شەهید کراو هەرچی بوونەوەری بوو لە ناو برا، دەبێ ئێمەی کورد هەموو هۆکارەکانی ئەم ڕەفتارانە چاک بزانین کە هەمووی دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە فەللوجە بامۆلگای جنایەت و مرۆکوژان و هاوکارنی کۆنە بەعسیان و پیاو خراپان بێت بەلام فەللوجە شاری عارەبانە !! بەلام هەلەبجەی شەهیدکراوو خاوەنی هەزاران شەهیدیش بە دەستی جنایەتکارانی دڕندەی بەعس شاری کوردانە و بەس . دەبا ئێمەی کوردیش پەند وەربگرین و بەسیەتی با تێ بگەین.

20.11.2004

*